www.kurdistannet.org
14-10-2006 11:38بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## پرسیارێک لە خاتو کەژاڵ ئەحمەد ... سایە

بەرێز خات و کەژاڵ ئەگەر جەنابت ئەوەندە سوتاوی بۆ ژنانی پاشماوەی ئەنفال و کیمیا باران ئەی بۆ جارێك لە جاران نەمان بینی ژنێك لەو ژنانە بکەی بە گوڵێك لە باخی بەرنامەکەتا یان جارێك لەجاران جەنابت گوڵێکت پێشکەش ژنێکی جەرگ سوتاو کردوە؟ ئایە جارێك لەجاران چویتە دەف ژنێکی بەجێماوی ئەنفال؟ بۆ چونەکان جوانن بەڵام بەو مەرجە کە ئەو بۆ چونە بەڕاستی بیهێنیتە دی نەك تەنها قسە ی زەردو سور بێت کەژال خان بەو ژنانە دەڵێ خانمی یەکەمی کوردوستان کە هەر گیز شایەنی ئەو ڕستەیە نیە ئەی بۆ بە ژنێکی جگەر سوتاو ناڵێ خانمی یەکەم؟ ئەی بۆ بەو ژنانە ناڵێ خانمی یەکەم کە لە گرت و خانەکانە وەك یەك شێر لەبەر دەمی سەگە ڕەشەکانی بەعسیدا ڕاوەستابوون؟ توخوا ئەوان خانمی یەکەمن یان ئەو خانمانەی کە تۆزیان لێ نەنیشتوە و هەمیشە هات و چونیان بە باڵە فڕەیەو بە دەفتەری دۆلار قسە دەکەن خۆشیان بە پێشمەرگە لەقەلەم دەدەن بەڵام بە ئەندازەی یەك نوکە دەرزی ئازاریان پێ نەگەشتوە و یەك کەسی خۆشەویستیان لەدەست نداوە هیچ کاتێك ماڵ وێرانیان بەخۆیانەوە نەدیوە هیچ کاتێك برسی و تینو نەبوون کام جێگا خۆش بوە لەوێ بوون خانمی یەکەمی کوردوستان چوار وێنەی گرتبوو لە کوردوستان دەی ووت لەکەس قبوڵ ناکەم وێنەکانم بەناوی خۆیەوە بڵاو بکاتەوە ئەوە هەقی خۆمە ئەم ووتەیەی لە یەکێک لە بەرنامەکانی جەنابتا بڵاو کردەوە ئەی ئایە ژنانی پاش ماوەی ئەنفال و کیمیای چۆن لەوان خۆش ببێت کە کەسو کاریان عەزیزیان جەرگیان لەپێش چاویان بوون بە پڕپۆڵە؟ خانم گیان زۆر چاك بزانە کە خانمی یەکەم کێیە و ئەو ڕستەیە بەکێ دەڵێیت ئیمڕۆ خەڵکی زۆر چاو کراوەیە لەوە زیاتریش کە جەنابت تێ دەگەی هیوادارم ئەم پرسیرانەت خوێندبێتەوەو دڵ گران نەبوبی لەم هەقیقەتە لەگەل ڕێزم